خولی ئیتالیا... یەقانتەس شکستی بە ئودینیزی هێنا



لە خولی ئیتالیا یەقانتەس بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە ئودینیزی بردەوە، بەم ئەنجامەش یوڤی خاڵکانی بە 15 خاڵ بەرزکردەوە.

لە یاریەکی دیکەی هەمان هەفتەش

ڕۆما بە بردنەوە لە پارما چووە پلەی دووەم.

لە یاریەکانی هەفتەی نۆیەمی خولی ئیتالیا، یانەی ڕۆمای پایتەخت میوانداری پارمای کرد.

تایمی یەکەم، تا ڕادەیەک گورگەکان باشتر دەرکەوتن، لە خولەکی 42 ماتیاس سولی گۆڵی پێشکەوتنی یانەکەی تۆمارکرد، بەڵام دوای گۆڵانەو بە قار ڕێتکرایەوە، نیوەی یەکەمیش بەبێ گۆڵ کۆتاییهات.

لە تایمی دووەم، تیپەکەی گاسپەرینی لە ئاستی بەرز بەردەوامبوو، ئاستە بەرزەکەشیان گۆڵی یەکەم و دووەمی لە خولەکەکانی 63 و 81 لەکەوتەوە، گۆڵکانیش هەرمەس و دڤبیک تۆماریانکرد.

هەرچەندە پارما دەستی بە هەوڵکانی کرد و لە خولەکی 88 ئێلیساندرە ئەنجامەکەی کەمکردەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە یەکسانکردنەوەی.

سەرئەنجام یاریەکە بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە سودی ڕۆما کۆتاییهات، بەم بردنەوە گورگەکان بە کەکردنەوەی 21 خاڵ پلەی دووەمی ریزبەندییان گرتووە.